# گفتوگۆیەکی شیرین لە گەڵ ئەمیر حەسەنپوور!

زیندەیاد دوکتور ئەمیر حەسەنپوور بە هۆی بەرینبوونی تێگەیشتنی لە جیهانی مادی و مانەویی مرۆڤ بە تایبەت مرۆڤی کورد پەلی بۆ زۆر لا کێشاوە، کە هونەری زارەکی و شانۆش دەگرێتەوە. بە هۆی جیاواز جاروبار پێوەندیمان لە گەڵ یەکدا هەبوو، جار من شتم بۆ ئەو دەنارد و جار من شتم لە کاک ئەمیرەوە پێدەگەیشت. هەتا بڵاوبوونەوەی" دەنگ و ڕەنگی ژن..." کە هەرکمانی لە یەک گرێدا کە باس لە شانۆی دایکی نیشتمان و دەوری ژن و ژنان کراوە. من بە کورتی باس لە هێندێ نموونەی کۆمەڵایەتی بەشداری ژنان لە ڕواڵەتی هونەریی و ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتی وەک شانۆی"دایکی نیشتمان" دەکەم و کاک ئەمیر بە درووستی باسی ستروکتوری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستان دەکات کە پیاو دەستی باڵای هەیە. ئەم باسە بەم گفتوگۆیە نابڕێتەوە و هەڵدەگرێ بیێتە بابەتی گفتوگۆی بەردەوام. لە گەڵ ئەم بابەتە نووسراوەکەی کاک ئەمیر بە ناوی" دەنگ و ڕەنگی ژن.." بە فۆرماتی پی دی ئیف بڵاو دەکرێتەوە. دیسان زۆر تاسەبارم بە مەرگی کاک ئەمیر کە جێگای لامان سەوز دەمێنێ!
برایم فەرشی ٢٠١٧/٠٦/٢٥

*کاک برایم گیان،*
*گەلێک مەمنوونم کە زەحمەتی پێداچوونەوە و لێکدانەوە و رەخنە گرتنی نووسراوەکە (دەنگ و رەنگی ژن...) ت کێشاوە و دەرفەتێکت پێک هێناوە بۆ باس و خواسی فکریی. جا هەر لە پەنای نووسراوەکەی خۆت دا چەند تێبینیت بۆ دەنووسم:*

[[کاک ئەمیری ئازیز،
نووسراوەکەی "دەنگ و ڕەنگی ژن لە هونەری زارەکیی دا" گەلێک سوودی بۆ من هەبوو. سپاس بۆ ناردنی. لێدوان لە سەر دەوری ژن لە هونەر و ئەدەبیاتی زارەکی، گەمە و کایە و یاری کۆمەڵایەتی و هەروەها هونەریی نمایشی و شانۆ،دەتوانێ لایەنەکانی تێگەیشتن و تێڕوانینی مرۆڤی کوردی ناو کۆمەڵگای هەمەچەشنی کوردستان، دەربخات.

هەمەچەشنبوونی کۆمەڵگای کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی چەندپارچەبوونی خاک و سەرزەمین، تێڕوانین و مامەڵەی جیاوازی ئینسانەکان، دەنوێنێ، کە لە هونەری شانۆشدا ڕەنگی داوتەوە. کرماشان و هەولێر و ئامێد و قامیشلو، وێنەی جیاواز لە بەشداری ژنان لە هونەریی فۆلکلۆری و هونەریی نمایشی و هونەری شانۆ نیشان دەدەن. کۆچەرانی کۆنی هیندوستانی کە ژن و پیاو تێکەڵ بوون لە قامیشلو و ئەو مەڵبەندە، نمایش و شانۆیان پێشکەش کردووە و تێکەڵ خەڵکی ناوچەبوون و ماونەتەوە و ئەو داب و دەستووره، ژنانی کوردیشی گرتۆتەوە. بە هەمان شێوە هەتا کۆتایی ساڵانی ڕژیمی شا لە ناوچەی خۆشمان قەرەچی لە بەهار و هاویندا دەمانەوە و نمایشیان پێشکەش دەکرد، کە زۆربەیان کچان و ژنان بوون. من خۆم لە بۆکان گەلێک جار دەچوومە سەیری نمایشەکانیان.

هەڵپەرکێی کوردی هونەرێکی نمایشییە کە ژن و پیاو تێکەڵاون و گەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئەفسانە و ئایین، ئەم هونەرە هەر بەو فۆرمەوە لە ڕێوڕەسمەکانی میترایسم و ئایینەکانی تری ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا، دەبیندرێن. مەبەستی من ئەوەیە بێژم، نمایش و خۆنواندنی ژنان لەو بەستێنەدا ئاکارێکی نامۆ نەبووە، هەرچەند گشتی نەبووە. نەک لە کوردستان لە تاران و تەورێزیش لە نمایشەکاندا پیاوان دەوری ژنانیان گێڕاوە. ئاشقەکانی عەجەم کە هاتوونە سابڵاغ، مێرمنداڵیان بە جلوبەرگی ژنانەوە لە گەڵ خۆ بۆ ڕەقس کردن،هێناوە کە کوردەکان پێیانگوتوون"شەکەرۆکە".

پێشینەی بەشداری ژنان لە شانۆ بە شێوەی نوێ بۆ یەکەمجار بە نیسبەت هەموو ئێران، لە کرماشان، بە هیمەتی میرسەیفەدینی کرماشانی کە لە قەوقاز گەڕابووە، لە سەردەمی ڕەزاشا، دەستی پێکردووە. یەکەم ئاکتۆری سینەمای ئێرانیش هەر لە کرماشانەوە بووە. ئەڵبەت لە کەمینەی ئەرمەنی. هەر ئەمە واتە بوونی نەتەوەکانی تر لە کوردستان، ئەو هەلەی ڕەخساندووە بۆ دەوری جیاوازی ژنان لە هونەردا.

ئەو شیروڕێوی هێنانەوەیەی من بۆ ڕەنگکردنی کۆمەڵگای پیاوانەی خۆمان نییە، بەڵکوو باس لەو لایەنەیە کە بە هیمەتی خودی ژنان بۆتە بەشێک لە مێژوو. دەنا هەر ئێستاشی لە گەڵ بێ، باشوور لەو بەستێنەدا بە نیسبەت شانۆ و بەشداری ژنان و دەوری نگاتیڤی پیاوان، وەدواکەوتوترین بەشی کوردستانە، کە من پێشتر لە کتێبێکدا باسم کردووە.
مێژووی بەشداری ژنان لە شانۆ لە ساڵانی حەفتا بە دواوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بابەتێکی تایبەتە کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە وردی باسی بکەم. لێرەدا تەنیا ئاوڕ لەو بەشەی نووسراوەکەی ئێوە دەدەمەوە کە پێوەندی بە شانۆی دایکی نیشتمانەوە هەیە. باسی ژن و هونەریی فۆلکلۆر و هونەریی زارەکی دادەنێم بۆ کاتێکی تر. سپاس بۆ ئێوەی هێژا - برایم ]]

*نووسراوەکەی من باسی بێدەنگی و بێڕەنگی ژنان لە هونەری زارەکی دەکا و بە "دایکی نیشتمان" دەست پێدەکا و ئەوە پێشان دەدا کە ئەو بێدەنگ کردنە لە دامەزراندن و دانانی کۆماردا بەدی دەکرێ و لەو بوارانە دا کۆمار لە داب و نەریتی عەشیرەتیش دواکەوتوو تر بوو. لە هەمان کات دا کە مەدرەسەی کچان و حیزبی ژنان هەبوو و کچە مەدرەسەیی بۆ ڕێژە دەچوونە خەیابانێ، نیزامی پیاومەزنیی دەرەبەگیی و عەشیرەیی و شارستانیی ژنی کۆڵەوارکردبوو. "دایکی نیشتمان" هونەری زارەکی بوو بەڵام بە نووسران وەدی هاتبوو، واتە ئافراندنێکی خۆڕسکی نەبوو؛ ئیجراکەی پتر لە داستانەکەی (مەتنە نووسراوەکە ئەوەندەی کە لە ئیجراکەی ڕا دەرکەوتووە) تووشی تەنگەبەرییەکانی پیاومەزنی بوو. من حەولم داوە بەشێک لەو کۆمەڵە ناکۆکیانە وەبەر چاو بخەم. بەشداربوونی ژن و پیاو لە هەڵپەرین دا و تەنانەت باوبوونی ڕەشبەڵەک بەڵگەیێک نییە بۆ بەرابەریی دەسەڵاتی ژن و پیاو و عادڵانەبوونی پێوەندی نیوان ئەو دوو جینسێتییە. بۆخۆمان دیومانە کە لە ڕەشبەڵەک دا ژن و پیاو ناتووانن بە ئازادی، بە مەیلی خۆیان، بچنە نێو دەستی یەکتر (ژن و پیاوی خزم و کاری یەک تر دەتوانن). تەنانەت لەو وڵاتانەی کە ئازادی وا هەیە، دیسان دەبێ چاو لە تەواوی پێوەندییەکان بکەین و بزانین چۆنە. لەو وڵاتانەش دا پێوەندی پیاومەزنانە لەو هونەرانەدا هەیە. بۆ من کە لە سابڵاغی ساڵانی 1320 و 1330 و 1340 گەورەبووم، وەک کوڕێک دەمتوانی بچمە سینەمایە بەڵام هیچ کچێک دایک و باب و برای ئیجازەی نەدەدا بەلای سینەمایەدا بڕوا. پێش ساڵانی 40 جاروبار ژنی غەیری کورد لەگەڵ ماڵباتیان دەهاتنە سینەمایە و ئەویش هەمیشە لە لۆژ دادەنیشتن. ئەمن دەمتوانی لە هاوینێ دا بچمە چۆمی مەلەی بکەم بەڵام هیچ ژنێک بە خەیاڵی دا نەدەهات کاری وا بکا. بە بێ ئیجازەی گەورەکان دەمتوانی بچمە نیو کووچە و کۆڵانان و بازاڕ و دۆست و ئاشنای خۆم ببینم بەڵام هیچ کچێک ئیجازەی نەبوو وا بکا. ئەوانەی من کوتوومە تایبەتێتی کوردان نییە؛ نیزامی پیاومەزنی لە تەواوی ناوچە و لە دنیایە دا پێشی بە ژنان گرتووە. ڕاستە کە دەبێ باسی ئەو "لایەنەیە کە بە هیمەتی خودی ژنان بۆتە بەشێک لە مێژوو" بکەین بەڵام پێم وایە دەبێ لەو لایەنانەش وردبینەوە و بزانین چ بوون و تا چ ڕادەیێک دەوری تێکدانی ئەو نیزامەیان دەگێڕا. بۆ وێنە، ڕەدووکەوتن دەکرێ وەک بەربەرەکانی ژن چاوی لێ بکەین بەڵام ئەوە دەلیلێک نییە بۆ ئازادبوونی ژنان. ئەگەر قەرارە ئازادی هەبێ ژن دەبێ بە مەیلی خۆی بزەوجێ. من ئیشارەم بە سنوورەکانی دەست کردنەوەی ژنان لە هونەری زارەکیی کۆمەڵی دەرەبەگی و عەشیرەیی کردووە و گۆرانییە کانم لە گەڵ شیعری عەبدوڵا گۆران بەراورد کردووە؛ هەروەها باسی پەیدا بوونی توێژی ڕۆشنبیری ژن و ڕادەی ئاگاهی فێمینیستی ئەوان.*

*مەلا مەحموودی بایەزیدی لە "عادات و رسوومات نامە ی اکرادیە" دا (1860) دەڵێ ژنی کورد (کۆچەریی و نیشتەجێیی) وەک ژنی فەڕەنگی ئازادن لەگەڵ پیاوان هەستان و دانیشتنیان هەبێ بەڵام ئەگەر کاری خراپ ("شوولا خراپ") بکەن، دەست بەجێ دەیان کوژن و هیچ کەس ڕەحمیان پێ ناکا. دیارە مەلا مەحموود نەیدەزانی کە ژنی فەرەنگیش لە نیزامی پیاومەزنی دا دەژی (لە فۆرمی سەرمایەدارانە یان مۆدێرن دا)، بەڵام دەبێ بزانین ئەو ناکۆکییەی باسی دەکا چۆنە و بۆ وایە. دیارە هەر لەو کۆمەڵە عەشیرەیی و دەرەبەگییە دا ڕەشبەلەک هەبووە بەڵام دێوەزمەی "شوولا خراپ" ژیانی بە ژنان تاڵ کردبوو. ئەو عورفە دژ-بە-ژنە هەر ئەوەیە کە، بە شیوەیێکی دی، حاجی بابە شێخ بە پەلە قەراری بۆ دەربڕی و کردی بە قانوونی کۆمار.*

*هیوادارم ئەو کورتە باسە روونی بکاتەوە کە بۆچی "دەنگ و ڕەنگ..."م وا نووسیوە. زۆرم پێ خۆشە کە دەتەوێ لە مەڕ باشوور و دواکەوتووییان لێکۆڵینەوە بکەی. دواکەوتوویی باشوور لە بەرامبەر ڕۆژاوا دا زۆر بەرچاوە بەڵام پێش ڕۆژاواش لە ڕۆژهەڵات و باکوور ژنان لە خەباتی چەکداری و سیاسی دا بەشدارییان دەکرد. بەشداری لە خەباتی چەکداریش خۆی لە خۆی دا بەرابەری ژن و پیاو پێک ناهێنێ.*

[[لە سەرەتای نووسراوەکەی ئێوەدا ئاوا هاتووە:
*" دایکی نیشتمان"، بەرهەمیکی هونەری- سیاسیی هەرە گرینگی کوردایەتی ناوەڕاستی سەدەی بیست، لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، لە هاوینی ١٣٢٤ (١٩٤٥)دا لە سابلاغ و بۆکان و شنۆ و نەغەدە هاتە سەر شانۆ."*

١- شانۆی دایکی نیشتمان هیچ پێوەندی بە حزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانەوە نییە و بەرهەمی کۆمەڵەی ژ.ک. بوو.
٢- دایکی نیشتمان لە هاوینی ١٣٢٤ پێشکەش نەکراوە. لە نووسراوەکەی مندا ئاوا هاتووە: "ئەم هاوینە گەرمە ناتوانێ ساڵی 1324 یان 1325 بێ, چونکە لەو دوو هاوینەدا کۆمەڵەی ژ.ك کۆتایی بە ژیانی هێندراوە و لە حیزبی دێموکراتدا تواوەتەوە. لە هیچ ژمارەیکی «کوردستان» ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ئەم حیزبە باسی پێشکەشکردنی شانۆی دایکی نیشتمان لە ساڵانی 1945 و1946 دا نەکراوە .ئەم هاوینە گەرمە کە بۆمێژووی شانۆی کورد پڕبایخە, تەنیا دەبێ هاوینە گەرمەکەی ساڵی 1323ی هەتاوی (1944) بێ."

٣- شانۆنامەکە لە بۆکان نیشان نەدراوە و بەڵکوو خەڵک لە بۆکان و گوندەکانەوە بۆ دیتنی شانۆ نامەکە چوونەتە سابلاغ:
لە "مەهاباد, نەغەدە, شنۆ " پێشکەش کراوە.

* لە زمانی کاک مەنافی کەریمی، وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستانەوە ئاوا هاتووە:" *... شانۆیەکە لە حەوشەی ماڵێک پێشکەش دەکرا"*

١- هەموو ئەو کەسانەی بە چەشنێک دەوریان لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی شانۆنامەی دایکی نیشتماندا هەبووە، ناویان لە نووسراوەکەی مندا هاتووە، کە شامیلی کاک مەناف نابێت و لە باشترین حاڵەتدا دەبێ ئەو بینەری شانۆنامەکە بووبێت. بە پێی نووسراوەکەی من و قسەکانی مام غەنی، شوێنی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی شانۆنامەکە ئاوا بووە:

[[**شوێنی تەمرین کردن**: پێشتر لە دەبیرستانی پەهلەوی تەمرین کراوە, غەنی بلوریان دەگێرێتەوە:« خەریك بووین لە حەساری دەبیرستان سەحنە دروست کەین, دوکتور موکری کە ئەودەم محەمەد کەیوانپوور بوو, ڕەییسی فەرهەنگی مەهاباد بوو. بانگی کردم بچم بۆلای. چووم,گوتی تکایکم لە تۆ هەیە, وەکوو کوردێك هاتوومە ئێرە, بە تایبەت بۆ خۆم داوام کردووە بمدەن بە ئێرە, چونکو لە سەر مەسەلەی کورد و شیعر و ئاوازی کوردی لێکۆڵینەوە دەکەم. کتێبێکیشم هەیە, بو ئەوەی باوەڕیکەی بچینەوە ماڵێ تەماشای نووسراوەکان بکە. ئەگەر ئەتۆ ئەو شانۆیە لە دەبیرستان بدەی گرفتاری بۆ من دێتە پێش, حکومەت ڕەنگە ئەمن بگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی تر و عەجەمێك بە جێگای من بنێرێ, ئەمن ئەو دەرفەتەم لە دەست دەچێ. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە قارانجەمە و خەرجیشی بۆمن نیە. چووینەوە ماڵێ, ماڵەکەی لە خانووی کەریمی قاورمەی دابوو, نووسراوەکانی لە پێش دانام. بە فارسی بوون, لە بارەی کوردستان و مەسەلەی میللەتی کورد و ئاوازی کوردی و گۆرانی مەهابادی هەمووی نووسیبۆوە. نێوی هێندێك گۆرانیبێژی کۆنی مەهابادی وەك سەعیدی مامڵێ(باوکی محەمەد مامڵێ)کەوی جۆ و مەنیج حەیرانی نووسیبۆوە ! «

ئەم باسە بۆتە هۆی ئەوە شوێنی تەمرین و پێشکەشکردن بو **کارێزی عەبدول** بگوێزرێتەوە. **کارێزی عەبدول کەرباسی** لە سەرەوی شارەبانی رووبەرووی مزگەوتی حاجی ئەحمەد, لە پشت سەوزیخانە بوو. بەهۆی ئەم کارە دەفتەری کارێز لەوێ دەمێنێتەوە, بەڵام ماشێنەکان دەبەنە گۆڕەپانی تۆپێن(فوتباڵ). **حەوشەی کارێز دەبێتە شوێنی تەمرین و پێشکەشکردنی شانۆکە.]]**

* ئێوە نووسیوتانە:*"ئەو کورتە باسە دەری دەخا لە ئەو کاتەدا کە مهاباد ئامادە دەبوو ببێتە پێتەختی هەوڵ دەوڵەتی نوێیاوی کورد، ژن ڕێی پێ نەدەدرا ئاکتەری شانۆ یان تەنانەت بینەری ئەو هونەرە بێ."*

*هەر لە نووسراوەکەی کاک مەنافدا هاتووە:" ئەو ژن و کچانەی شانۆکەیان لە پشت پەنجەران، لە سەر دیواران و لە سەر سەربانانەوە دەدی، ...."]]*

مەبەستم هەر ئەوەیە: لە پشت پەنجەران و لەسەر دیواران و لە سەربانان چاویان لێدەکرد چونکە ڕێیان نەدەدان بێنە حەساری کارێزێ یان ساڵۆنی شانۆیە لە گەڵ پیاوان دانیشن و چاوی لێبکەن.

١[[- من نامەوێ ئێستا لەوە باس بکەم کە کێ ڕێی نەداوە، ژن لەو شانۆیەدا دەوری ئاکتۆر(ئاکتر) بگێڕێ. بەڵام لە مەڕ بەشداری ژنان وەک بینەر، هەم لە نووسراوەکەی کاک مەناف و هەم لە نووسراوەکەی مندا باس لە بەشداری ژنان کراوە. لە نووسراوەکەی مندا ئاوا هاتووە: "... سەربان و گوێ بان خەڵك دانیشتوون, بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی ژ.ك قوتابیان و ژنان کە تا ئەو دەم ئیزنی شوێنی وایان نەبووە، هاتنیان بە خۆڕایی دەبێ." بلوریان ئاوا لەو ڕۆژانە دەدوێ:" دایکی نیشتمان تەئسیری یەکجار زۆری هەبوو، وای لێهات کە **خەلیفە ئامین قەمتەرەیی** کە خەلیفەی حاجی شێخ مستەفا بوو، ڕۆژی چوار شەمۆ لە گەڵ **ژنانی دەرویش** دوای زکر کردن، بە کۆمەڵ دهاتن بۆ دیتنی نمایشی دایکی نیشتمان. ئەم شێرەژنە دوایە دەورێکی زۆری لە شۆڕشی کوردستاندا گێڕا. نمایش دایکی نیشتمان بوو بە هۆی زۆربوونی نفوزی کومەڵەی ژ.ك»]]

*هیچ سەیر نییە کە ژنە دەروێش بۆ جێی وا بچن؛ هەر وەها ژنی نان کەر و بەعزە ژنێکیماڵباتی کریکار و زەحمەتکێش لە ژنی دی ئازاد تر بوون؛ دەچوونە چۆم و سەر کانیاوان ئاویان دەهێنا و زۆربەیان هەر دەسماڵێکیان بە سەرەوە بوو. بەڵام دایکی من و ئامۆژنەکان و کچەکانی مامم (بۆ نموونە دەڵێم) و زۆربەی ژنی دی رێگەیان نەدەدرا وەک ئەو ژنە دەروێش و کرێکارانە بۆ ئێرە و ئەوێ بچن. لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەی کوردستان حەولی دەدا شتی مەنفی بڵاو نەکاتەوە، پڕە لە شاهید و بەڵگە بۆ بەربڵاویی نیزامی پیاوەمەزنیی. لەو رۆژنامە دا بۆ وێنە باسی وەی کراوە کە دایک و باب کچەکانیان بۆ مەدرەسە نانێرن (کوردستان، ژمارەی 27: "خطابە ی یای کبرای عظیمی"، ل. 2-3) و ژنان ناچنە کلاسی اکابر (کوردستان، ژمارەی 40، ل. 4). ئەوانە و زۆر شتی دی دەری دەخەن کە پیاوەمەزنیی نیزامێکی کۆمەڵیی بە هێزە کە رەگ و ریشەی داکوتاوە و بە بێ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و بە بێ بەرنامە و تیۆری بنەڕەت ناکرێ.*

[[* لە سەرەتای لاپەڕەی دووی نووسراوەکەتاندا ئاوا هاتووە:" چەند مانگ دوایە کە پیاوانی نەتەوە لە دووی ڕێبەندانددا دایکی نیشتمانیان ڕزگار کرد...."

١- گەر شانۆنامەکە لە هاوینی ساڵی ١٣٢٣ پێشکەش کرابێ، دامەزراندنی کۆمار نابێ دوای چەند مانگ بووبێ! بەلانی کەمەوە ١٧ مانگ لە یەک دوورن.]]

*بریابا کاتی نووسین، نووسراوەکەی خۆتم لە بەر دەستی با هەتا ئەو هەڵانەی دەست نیشانت کردوون تێیدا نەهاتبا. بەڵام دڵنیام کە ئەو هەڵانە (وەک ئیجرا نەبوونی لە بۆکان) دەورێک ناگێڕن لە باسەکەی من کە پێوەندی پیاوەمەزنییە لە هونەری زارەکی دا. ئەوەی نووسیوتە کە "دایکی نیشتمان" پێوەندی بە حدک ەوە نەبوو و بەرهەمی ک.ژ.ک بوو دیسان باسەکەی من ناگۆڕێ. حدک خۆی حێندە لە ژ.ک دوورناکاتەوە و ئەوانەی لە ژ.ک دابوون گشتییان لە حدک و لە کۆماردا مانەوە و جیاوازی ئەو دوانە لە بواری "پێوەندییە جینسێتییەکان"دا gender relations بەدی ناکرێ.*

*ئیستا ئەوە روون بۆتەوە کە دامەزرانی کۆمار و ئیجرای "دایکی نیشتمان" 17 مانگ لێک دوور نەبوون و تەنیا چەند مانگیان فاسیلە هەبوو. نامەیێکی "دفتر نقده وزارت پست و تلگراف و تلفن" لە 3 مرداد 1324 دەنووسێ کە پێرێ (1324/5/1) دەستەیێکی "آرتیست مهاباد" گەیشتنە نەغەدەی بۆ ئەوەی بچنە شنۆیە و دوایە بێنەوە نەغەدەی بۆ "نمایشات بر ضد دولت و مامورین لشکری". لە نامەیێکی دی دا لە 24/4/29 "کفیل بخشداری" نووسیوێتی "امروز یکدستە متجاوز از بیست نفری آرتیست مهابادی باشنویە وارد قرار است فردا نمایش مادر وطن را بعمل آورند" ( فریدون حکیم زادە، ساوجبلاغ مکری (مهاباد)، 1388، ص 263، 265).*